# له نۆبەرەوە بۆ شێرزاد حەسەن

هەندرێن حەمەدەمین



Handren88@hotmail.com

شێرزاد دوای ئەوەی له گۆرستان لەگەڵ تەرم و سەگەكانی باوكم بەجێتهشتم، ئاگات له من نەما، واتزانی ئیتر تا هەتا هەتایه ئەوە جێگا و ژیانی من ئەبێت، من نازانم تۆ بۆ بەم شێوەیه رەفتارت لەگەڵ كردم، ئەزانی زۆر شت هەبوون من نەمدەویست بیكەم تۆ بەزۆر پێتئەكردم، زۆر شتیش هەبوو من له بەرنامەمدا بوون بیكەم وه دەبوایه بمكدنایه كەچی تۆ نەتهێشت بیانكەم، من نەمدەویست وا دابڕاو بم له خوشك و براكانم و له دایكەكانم، كەچی تو هەرگیز بوارت نەدام كه وەك ویستی خۆم لێیان نزیك ببمەوه و هەرگیز نەتهێشت كەسیشیان له من نزیك بێتەوە، تەنها یەكجار نەبێت، ئەمجارەش من ئاوام نەدەویست، بەڵام تۆ به زۆری ئەویشت پێكردم، ئاخر نازانم كه تۆ منت وا ناپووت و ریسوا كردبوو لەلای برا و خوشك و دایكەكانم چۆن هاتی له بڕێكا لەگەڵ سەفەرێكی باوك منت كرد به سەركردە و پێشەوا بۆ راگواستنەوەی هەموو گیانەوەرانی حەسار ؟؟ منێك كه جێگای باوڕی كەسیان نەبووم چۆن توانیم لەم كتوپڕیه هەموویان رازی بكەم و لەگەڵمدا ئەم كاره ئەنجامبدەن، دوای ئەوەش هەر خۆت هەموویانت پەشێمان كردەوە و هیچ قسەیەكیشت بۆ من نەهێشتەوە !!

شێرزاد گیان رەنگه تۆ لێرەوە له خۆتەوە سەیری منت كردبێت، یان رەنگه پێت خۆش نەبووبێت هەموو راستیەكانی من بدركێنیت وەك چۆن هەموو راستیەكانی ناو حەسارت نەدركاند، یان رەنگه ئاگات لێی نەبووبێت، خۆ ئەشبێت ترسی باوك ئەوەنده لەسەرت زۆر بووبێت وایلێكردبیت زۆر شت فەرامۆش بكەیت یان زۆر شت لەبیر بكەیت، من چەندین پەیوەندی نێهنیم لەگەڵ هەندێك له خوشك و براكانم و هەندێك له دایكەكانم هەبوو، باوك لەم نێهنیانه تەواو بێئاگا بوو، كۆمەڵێك نێهنی ناو حەسار هەبوو ئەم پەیوەندیەی منی لەگەڵ هەندێك له خوشك و دایك و براكان دروست كردبوو، تۆ هەر ئاگات له بەشێكی ئەم نێهنیانەی ناو حەسار هەبوو، یان رەنگه هەندێكیتریشت زانیبێت و له ترسان باست نەكردبێت یان له شەرمان یان لەبەر هەندێك هۆكار كه منیش نایزانم، رەنگه هەر بەخۆت بزانی بۆ باسی هەموو شتەكانت نەكردووە رەنگه خۆشت نەیزانی.

ئایا ئەزانی براكانیشم وەك خوشكەكانم بۆ ئارەزوە سێكسیەكانیان پەنایان ئەبردە بەر گیانەوەرانی ناو حەسار ؟؟ نازانم بۆ تۆ هەنێك لەوانەی خوشكەكانمت باسكردوو و بەلای ئەوانەی براكانمدا نەچوویت !! ئایا ئەزانی هەندێك له خوشك و براكانم پەیوەندی دەسبازی و ماچ و موچ و هەڵگوشین و هەڵمژینیان لەگەڵ یەكتر هەبوو ؟؟ ئەم پەیوەندیه له نێوان هەندێك له برا و دایكەكانیشم هەبوو ؟؟ با ئەوەشت پێبڵێم كه ئەم پەیوەندیه له نێوان براكانیشم هەبوو !! با من شتێكت بۆ بگێڕمەوە، بەبیرت دێت كه یەكێك له خوشكەكانم وردە وردە زگی گەورە ئەبوو تا گەیشتە ئەوەی دەركەوت كه دوو گیانە، بەوە باوك به ئازار و ئەشكەنجەدان وای لێكرد كه دان بەوەوە بنێ ئەم زگەی له یەكێك له براكانمە، ئەوە بوو ئەو ئێوارەیه باوك هەردووكیانی له ناوەڕاستی حەساردا سەربڕی، نازانم چۆن ئەوەت بیر چۆتەوە ؟؟ ئەمە و چەندین شتیتر، نازانم بیرت چوونەتەوە یان ناوێریت باسیان بكەی یان ئەترسیت !!

من لەو باوڕەدام کە تۆ بترسیت، تۆ ترست زۆر پێوە دیار بوو، هەر زۆر بە ترسنۆکانەش منت بەرەو کوشتنی باوک برد، من نەمدەویست وا بیکوژم،بەڵام تۆ وات پێکردم، من لەو باخەوانە کەمتر نەبووم کە ئەیتوانی بۆ خاتری رابی کچکە ژنی باوکم ئاوا چەندین جار خۆی بگەیێنێتە ناو حەسار و بتوانێ ئەو پەیوەندیە توند و تۆڵە لەگەڵ رابی دابمەزرێنێت و ئەو نەخشەو بیلانانە بکێشن، منیش توانیبووم پەیوەندی بە دەرەوە بکەم، نازانم تۆ بۆ قەت باست نەکرد ؟؟ من چەندینجار نەخشە و پیلانی ئەوەم کێشا کە یەک یەک سەگەکانی باوکم لەناو بەرم، خوشک و براو و دایکەکانم یارمەتیان ئەدام و نێهنیەکانیشیان ئەپاراستم، بە تایبەت ئەو رۆژەی کە باوک سەفەری کرد بوو دوای ئەوەی تۆ خوشک و براکانمت پەشێمان کردەوە و ترست خستە دڵیانەوە لە راگواستنەوەی گیانەوەرەکانی حەسار، من رازیم کردن کە ئەم هەلە بقۆزینەوە و چەندین سەگی هاری باوک بکوژین، کورە خۆ ئەوەشمان کرد بەڵام تۆ هەر باست نەکرد، لە دوای کوشتنی باوکیش رێگات پێنەدام ئەمە بەبیر خوشک و براکانم بێنمەوە، ئەوان هەموویان وەک یەکتر نەبوون جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیان هەبوو وەک چۆن جیاوازی لە نێوان ئێمەی ناو حەسار و ئەوانەی راکردوو حەسار هەبوو، نازانم تۆ بۆ ئەو جیاوازیەت لەبەر چاو نەگرتبوو، ئەزانی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەوانەی دەرەوەی حەساریش هەبوو، بەڵام تۆ ئمانەت هەموو فەرامۆش کرد بوون، خۆ ئەگەر هەر باست نکردبان ئەوا منیش ئیستا بە روومدا نەئەدایەوە.

من سەیرم پێت دێت، تۆ باوکت بە من کوشت وە هەموو حەسارت بەو کوشتنە خستە سەما، هەر هەموویشت بەگەر مندا بۆ گۆڕستان و شاردنەوەی باوک، کەچی هەر لە هیچ و خۆڕایی هەر هەموویانیشت لێکردمەوە، راستە زۆریان پشتیان تێکردم و کەوتنە دوای ئازادی خۆیان، بەڵام بۆ باسی ئەوانە ناکەیت کە لەگەڵم مانەوە ئەوانەی وەک من بوون یان نزیک بوون لە من ئەوانەی کە پیشتر پەیوەندی تایبەتیم پێیان هەبوو، دوایی نازانم ئەم زێوانەت بۆ وا لەسەر من کرد بە کەلەکە گا من ئەو کات دەستم بە خوێنی باوک سوور بوو، خۆم سەرگەورە و سالاری حەسار بووم چ باکم بە زێوان و گۆڕستان بوو، من ئەمتوانی تەرمی باوک لە قوڵترین ژێرزەمینی حەسار بشارمەوە، ئەمتوانی هەر لە ناو حەسار گۆڕی بۆ هەڵکەنم و سەر گۆڕەکەشی بکەم بە ئاودەست، تۆ نەتویست من وەک ئەو بم توند و تیژ بم و جێگای ئەو بگرمەوە، لەوەیە ئەتوانم هەندێکجار لەگەڵت کۆکبم، بەڵام ئەو چارەنووسەی تۆ بۆت هەڵبژاردم لەگەڵ بیرکردنەوە و تێگەیشتنە سادەکانی من تەواو جیاواز بوون، من بۆ هاوسەنگکردنەوەی خۆم و ئەو هەمووەی باوک پێی کردم هەر چۆنێک بێت هەوڵی ئەوەم ئەدا کە جێگای ئەو بگرمەوە بە روخسارێکیتر، بەڵام تۆ وەک ئەوەی هەر زوو ئەم چارە نووسەت بۆ دانابم و نەتەوێت هەرگیز دەستبەرداری بیت هەر هێنات و بردت تا بەو چارەنووسەت گەیاندم کە لەگەڵ تەرمی باوک و سەگەکانی بژیم .

ئەوەی کە گرینگە لێرە بیزانیت پەشێمان نەبوونەوەمە لە کوشتنی باوک، بەڵێ، لەگەڵ ئەو چارەنووسەی کە لە خۆتەوە بە منت بەخشی من پەشیمان نیم لەوەی کە زوڵمم کوشت دکتاتور و توند و تیژیم کوشت، حەسارم ئازادکرد و شتێکم بۆ خوشک و براکانم هێنا پێش کە خەونیان پێوە ئەبینی، ئەوەتە ئەوەش ئەبینی کە منیش لەو چارەنووسەی تۆ بۆت نووسیبووم دەربازم بوو، ئەوەتە من لە بەرانبەر کۆمپیوتەرەکەی هەندرێن حەمەدەمین دانیشتووم و نامە بۆ تۆ ئەنووسم، هەر دوای تەواو بوونی ئەم نامەیەش راستەوخۆ بڵاوی ئەکەمەوە، دڵنیاشم کە بە تۆش ئەگات، هەرچەند ئەزانم ئەم نامەیە وا لە تو ناکات کە بتوانی ئەو ترسە لە خۆت دەرکەیت، بەڵام هەر هیچ نەبێت شتێکت لەلا دروست ئەکات، هەر هیچ نەبێت لەمەو بەدوا تۆ و ئەوانەی وەک تۆ ئەزانن کە چارەنووسی پاڵەوانەکانیان تا سەر لە بەر دەستی خۆتان نیە، لەوەوە ئەزانن دوای تەواو بوونی ئێوە پاڵەوانەکانتان ئازدتر ئەبن ئەگەر تەواویش ئازاد نەبن، ئەو نامەی من لە ژێر ناوی تۆ بۆ خەلکی حەسارە ئەو حەسارەی دوای باوک ئەزانم بووە بە چ گەندڵستانێک، بە چ فەوزا و هەرایەک، بەڵام هەرگیز ناڵێم کاتی باوک باشتر بوو، ئەڵێم دەستم خۆش بێت بۆ کوشتنی باوک، بە هەموو باوکانیش ئەڵێم تا من لە ژیان بمێنم ژیانی هەر هەمووتان وەک باوک لە مەترسی دایە، ئەگەر ئێوە بتوانن وانە لە باوک وەرگرن و زۆر لە باوک خرابتر کۆنترۆڵی حەسار بکەن و خەلکی حەسار لە پەل و پۆ بێهخن ئەوا نوبەرەکانیتریش وانە لە من وەر ئەگرن و روبەڕو بوونەوەیان لە هی منیش باشتر و سەرکەوتووتر ئەبێت، با هەموو باوکەکان بزانن ئەگەر ئەوان ئەتوانن شێرزاد و ئەوانەی وەک شێرزاد بترسێن و بێدەنگیان بکەن یان خەلکیان پێبترسێنن، ئەوا دواجار نۆبەرەیەک هەر ئەبێت کە مەرجیش نیە نۆبەرە بێت رەنگە ئەمجارەیان ناوەندی یان پاشەبەرە بێت.

ئەو ترسەی شێرزاد لە باوک هەرگیز ناتوانێت گیان و ژیانی باوکان بپارێزێت، ئەوەی شێرزاد و ئەوانەی وەک شێرزاد بۆ تەرمی باک دروستی ئەکەن تەنها وەهمێکی خۆیانە و هەر ئەوەندە کاریگەری هەیە تا پاڵەوان لە دەستیان رزگاری ئەبێت و ئاوا وەک نۆبەرە دەست ئەکەن بە نامە نووسین بۆ ئەو خودایانەی کە بە بێ خەلک هیچ بوون و بەهاییکیان نیە .

ئەوەتە شێرزاد وەک خوایەک مامەلەی لەگەڵ نۆبەرە کرد، ئازاریدا لەسەر ئەوەی کە باوکی کوشت لە کاتێک هەر خۆشی وای کرد کە نۆبەرە باوک بکوژێت، شێرزاد تا ئەو کاتەی نۆبەری خستە ناو تەرمی هەڵئاوساوی باوک و بە سەگەکانی باوک گەمارۆیدا و خوشک و براکانی هەموو ترساند و وای لێکردن کە پشت لە نۆبەرە بکەن ئەوە و چەندین شتیتری کرد، کردی و کردی تا لە دواجاردا خۆی هیلاک بوو و گەڕایەوە ماڵ، گەڕایەوە ماڵە گەرمکەی و خوانە خۆشەکەی، نەیتوانی لەوە زیاتر بە دەوری نۆبەرە بمێنێتەوە، ئەوەتە هەر شێرزاد رۆیی نۆبەرە ئازاد بوو لە ژێر دەسەڵاتی شێرزاد دەرچوو و خەریکە ئەمجارە ئەو ئەکەوێتە سزادانی شێرزاد .